## پەیامی بەڕێز کاك بابەشێخ حوسێنی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا (knc)

بەڕێز سەرۆکی کونگرەی نەتەوەیی کورد لەئەمریکا!
بەڕێزان ئەندامانی کونگرەی نەتەوەیی کورد لەئەمریکا!
لەگەڵ سڵاوی گەرم

هەواڵی بەستنی بیست و یەکەمین کونگرەی نەتەوەیی کورد لەئەمریکا بووە مایەی خۆشحاڵیمان.

هیوادارین ئەم کونگرەیەتان بڕیاری جێی پەسندتر و کاریگەرتری لێ بکەوێتەوە، بەتایبەت بەدوای ئەو ئاڵ و گۆڕەی لەدەسەڵاتداری و سیاسەتی ئەمریکا هاتۆتە ئاراوە.

بێ گومان کونگرەی نەتەوەیی کورد لەئەمریکا دەورێکی باشی هەیە لەناساندنی دۆزی ماف خوازانە و ڕەوای کورد لەئەمریکا. بێ شك کونگرەی نەتەوەیی کورد دەتوانێ بە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانی گەلەکەمان لەئەمریکا زیاتر پەرە بستێنێ و پشتیوانی سیاسەتمەداران و دەوڵەتی ئەو وولاتە بۆ گەلی کورد رابکێشێ.

لەگەڵ ئەوەی خوشحاڵی خۆم دەردەبڕم بە بەستنی بیست و یەکەمین کونگرەی ساڵانەتان، لەهەمان کاتدا، ئەوەتان پێ ڕادەگەیێنم کە بەهۆی چەند کێشە و نەبوونی ویزای سەفەر ناتوانم بەشداری کونگرەکەتان بکەم، هەر بۆیە بەناوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران گەرمترین پیرۆزباییتان پێش کەش دەکەم و ئاواتەخوازم شاهیدی بڕیاری بە جێ و گرینگتان بم.

بابەشێخ حوسینی
سکرتێری گشتی
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
٢٠٠٩/٣/٢

## ڕێگەگرتن لە چوونی دوکتورەکان بۆ شاری ئەشەرەف کردوەییێکی ناڕەوایە

لە دوای ئەو فشار و زۆر هێنانە بەردەوامانە بۆ سەر شاری ئەشرەف، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕێگە گیراوە لە چوونی دوکتورەکان بۆ شاری ئەشرەف.

روونە ڕێگە گرتن لە چوونی دوکتور بۆ شاری ئەشرەف کارێکی ناڕەوایە و دژایەتی ڕێ و شوێنە جیهانیەکان و بنەما مرۆڤایەتیەکانە. بەردەوام بوونی ئەو هەل و مەرجە نالە بارە کە بەرانبەر دانیشتوانی شاری ئەشرەف تیایدان مەترسی کارەساتی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئەو فشارە بەردەوامانە بۆ سەر شاری ئەشرەف بە ناڕەوا دەزانێ و داواکارە ڕێکخراوەکانی جیهانی پارێزەری مافی مرۆڤ بۆ یارمەتی دان و هاوکاری دانیشتوانی ئەشرەف بە جیددی بکۆشن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
١٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٨
***

## پەیامی کومیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەبۆنەی سەرکەوتنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك بە بۆنەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیە

بەڕێزان: سەرکردایەتی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP
سڵاوی گەرم پێشکەش

سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە بە تێکڕاو و سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی گەل روداوێکی مێژوویی و جێ بایەخ بوو.

ئێمە زۆر خۆشحاڵین لەو سەرکەوتنە ئەو راستیە دەرکەوت کە ئەگەر گەلی کورد ڕێگەی لێ نەگیرێ و کۆسپی نەخرێتە سەر رێگە، نوێنەرانی خۆی هەڵبژێرێ و لە بوونی دیموکراسیدا تەنیا ستەمگەران زیانمەند دەبن و خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی سەرکەوتوو دەبن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە، پیرۆزبایی بە ئێوە و گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە پێش کەش دەکا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی
٢٠٠٩/٤/٦

## دادگایێك لە ئەمریکا ڕژیمی ئێرانی بە دانی ٢٥ ملوێن دولار سزا دا

دادگایێك لە ئەمریکا ڕژیمی ئێرانی بە هۆی کوژرانی سەربازێکی ئەمریکایی ئیسرائیلی لەلایەن حەماسەوە، بە دانی ٢٥ ملوێن دولار مەحکوم کردوە.

ئەو سەربازە ئەمریکایی ئیسرائیلیە ساڵی ١٩٩٤ نزیك بە ١٥ ساڵ پێش ئێستا لەلایەن حەماسەوە دزرا و دوایی کوژرا.

بە پێی ڕاپۆرتی ئاسوشیتدپرێس (ناخشون واکسمن) هاووەڵاتی ١٩ ساڵی ئەمریکایی کە ئەندامی ئەرتەشی ئیسرائیل بوو ساڵی ١٩٩٤ی زایینی لەلایەن حەماسەوە دزرا. لە دوای چەند ڕۆژ ناوبراو لە نەوارێکی ویدیۆئی دا رایگەیاند کە مەترسی کوشتنی لە سەرە. ئیسحاق رابین سەرۆك وەزیری ئەو کاتی ئیسرائیل، یاسر عەرەفات ڕێبەری ئەو کاتی فەلستینیەکانی بە بەرپرسی گیانی ئەو سەربازە زانی و ووتووێژی ئەو کاتەی ئیسرائیل و فەلستینیەکان تێکچوو.

ئەو کەسانەی سەربازەکەیان دزیبوو داوای ئازادی ڕێبەری حەماس شێخ ئەحمەد یاسین و ٢٠٠ زیندانی حەماس لە زیندانەکانی ئیسرائیل یان کرد و لە دوای ماوەیێکی دیاری کراو کە شەش ڕۆژ بوو واکسمن لەلایەن حەماسەوە گیرا.

لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی دایکی ئەو سەربازە ئەمریکایی ئیسرائیلیە و شەش براکەی داوایان لە سەر ڕژیمی ئێران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیم تۆمار کرد. ئەوان دەڵێن ڕژیمی تاران لە ڕێگەی بارهێنان و پشتیوانی لە حەماس، کە لەلایەن ئەمریکاوە بە هێزێکی تڕۆریست ناسراوە، بەرپرسی کوشتنی ناخشون واکسمنە.

بە هۆی ئەوەی کە ڕژیمی ئێران وەڵامی ئەو پەروەندەی نەدایەوە و هیچ دیفاعێکی لە خۆی نەکرد، بڕیاری کۆتایی دادگا دژ بە ڕژیمی ئێران و بە قازانجی خانەوادەی واکسمن دەرچوو.

## ناردنی مووشەکەکانی فەجری ٣ لەلایەن ئاخوندەکانەوە بۆ غەزە

حەوتوونامەی ساندی تایمز چاپی بریتانیا ئاشکرای کرد بارێکی چەك کە ڕژیم لە ڕێگەی سودانەوە بۆ غەزەی ناردبوو و ئەو بارە مووشەکی فەجری ٣ بوو، پێویستە سەرنج بەو ڕاپۆرتەی تەلەفزیونی العەرەبیە بدرێ.

فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی ئیسرائیل لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی ژانویە و حەوتووی یەکەمی مانگی فوریە لە دوو هێرشی جیاوازدا، دوو کاروانی هەڵگری چەك و چۆڵ کە لەلایەن نزیك بە ٥٠ قاچاخچی دەگوازرایەوە و لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە چاودێری دەکرا، هێرشی کردە سەریان و لە ناوی بردن. ئەو کاروانە هەڵگری کەل و پەلی مووشەکی فەجری ٣ بوو تا ئەوەی کە بتوانێ بە هاسانی بگوازرێتەوە و لە ڕێگەی کوونە ژێر زەویەکانی لە میسرەوە بگەیێندرێتە غەزە. بەپێی نووسراوەی ساندی تایمز، وا بڕیار بووە کارناسانی حەماس کە لە سوریە و ئێران بارهێنراون لەتەکانی ئەو مووشەکانە یەکخەنەوە. ئەو مووشەکە ٦٠ ك م دەڕوا و دەتوانێ تل ئاویو و بنکە ناوکەییەکانی ئیسرائیل بپێکێ.

بە پێی ئەو سەرچاوە بەڵام ئەو بارە هێرشی کرایە سەر و لە ناوبرا.

## هوشیار زێباری: ڕژیمی ئێران کێشەیێکی گەورەیە بۆ عێراق

وەزیری دەرەوەی عێراق تەئکیدی کردەوە کە ڕژیمی ئێران کێشەیێکی گەورەیە بۆ عێراق و بەردەوامە لە دەستێوەردانەکان.

ناوبراو لە ووتووێژێکی تایبەت لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەلحوررە گووتی: ئێمە پێشوازی دەکەین لە دانانی کریستۆفێر هیل بۆ نوێنەریی ئەمریکا لە بەغداد، سەبارەت بەو مەسەلە کە ڕژیمی ئێران کێشەی گەورەی عێراقە دەبێ بڵەین کریستۆفێرهیل تەئیدی دەکا.

هوشیار زێباری زیادی کرد: ئێمە ڕێگەییێکی روونمان هەیە لە هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەو کێشانەی لەگەڵ ڕژیمی ئێران هەن. ئێمە لەگەڵ ئەو ڕژیمە کێشەی جۆراوجۆر و دەستێوەردانمان هەیە. ئەو مەسەلانە لە کاتی گۆڕانی ڕژیم لە عێراق تا ئێستا بەردەوامە.

***

# هەواڵەکانی کوردستان

## گیرانی چالاکێکی مافی مرۆڤ لە سنە

هەواڵدەری چاودێری مافی مرۆڤ، چالاکێکی مافی مرۆڤی خەڵکی سەقز بە ناوی مەحیەدین ئازادی لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە لە شاری سنەدا گیراوە.

ناوبراو نزیك بە دوو حەوتوو پێش ئێستا لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە گیراوە و لەگەڵ هێندێ کەل و پەلی شەخسی وەك کەیسی کۆمپیوتێر دراوە بە ئیدرەای ئیتلاعاتی سنە. ناوبراو ڕۆژی هەینی درا بە زیندانی ناوەندی شاری سنە و هۆی گیرانی ناوبراو ڕانەگەیێندراوە.

مەحیەدین ئازادی ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بوو.

***

## بە هۆی شکە نجەوە هەر دوو دەستی زیندانییێکی کورد فەلەج بووە

هادی ئەمینی زیندانی سیاسی کورد ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٨، بە فەرمانی بەرپرسی زیندانی مەهاباد گوازرایەوە بۆ زیندانی تاکە کەسی.

ئەو زیندانیە سیاسیە کوردە کە ساڵێك لەوە پێش لە سەردەشت گیرا، بە هۆی شکەنجەی زۆرەوە مەچەکی دەستی فەلەج بووە. ناوبراو بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردستانیەکان بە بێ پارێزەر لە پرۆسەیێکی ناقانوونی دا لەلایەن دادگای لارژیم لە مەهابادوە ٥ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا.

هادی ئەمینی پێشتر لە ناڕەزایەتی بە کردەوەکانی هێزەکانی ڕژیم ٤٠ ڕۆژ مانی لە خواردن گرت بوو.لە هۆی گواستنەوەی ناوبراو بۆ زیندانی تاکەکەسی هیچ زانیارییێك لە دەست دا نیە.

***

## تەقینەوەی مین لە سەردەشت کوژراو برینداری لێ کەوتەوە

کوردنیوز، بە هۆی تەقینەوەی مین لە دێی قەلەرەشی سەردەشت کەسێك کورژرا و برینداریکی لێ کەوتەوە، ڕۆژی شەممە ٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٨، لە دێی قەلەرەشی ناوچەی باژاری سەردەشت بە هۆی تەقینەوەی مین دوو برا بە ناوەکانی عەلی دەروێشی ٤٣ ساڵە کوژراوە و عەزیز دەروێشی ٤٠ ساڵە بریندار بووە.

شایانی باسە کە لە ساڵدا ژمارەییێکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوان بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار دەبن یان دەکوژرێن و لەو ناوچەدا ڕژیم هیچ بەرنامەییێکی نیە بۆ پاك کردنەوەی ئەو مینانە و لە ساڵانی ڕابردوودا ڕژیم بە بیانووی بوونی هێز و لایەنە کوردستانیەکان پلانی دانانی مینی نوێی بەرێوە بردوە.

***

## دەرچوونی حوکمی زیندان بۆ ڕۆژنامەنووسێکی سنەیی

دادگای ڕژیمی ئێران لە شاری سنە، بەهمەن توتنچی ڕۆژنامەنووسی بە زیندان و دوورخستنەوە مەحکوم کرد.

ناوبراو کە ئەندامی بەڕێوەبەری حەوتوونامەی کەرەفتوو بوو ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە گیراو و بە تۆمەتی پروپاگەندە دژ بە ڕژیم بە ١ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ مەراغە مەحکوم کرا.

***

## ئێعدامی لاوێك لە زیندانی ناوەندی سنە

لاوێکی ٢٣ ساڵە بە ناوی ڕەحمەت سادقی لە حەوتووی دووهەمی مانگی ڕەشەمەدا لە زیندانی ناوەندی سنە ئێعدام کرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٨٣دا لە شاری کامیاران بە هۆی کێشە و شەڕەوە لاوێکی خوێندکار دەکوژرێ و لەو ڕووداوەدا ڕەحمەت سادقی وەك بکوژ دەناسرێ و بە ئێعدام مەحکوم دەکرێ.

***

## سەرهەنگی سوپای تورکیە تاوانباری پەروەندەی کوشتاری کورد کرا

دادگایێك لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە سەرهەنگێکی هێزە ئەمنیەتیەکانی ئەو وەڵاتەی بەوە تاوانبار کرد کە لە بێ سەروشوێن کردنی کوردەکانی ئەو وەڵاتەدا دەستی هەبووە.

ئەو دادگایە جەمال تەمیز ئوزی بە هاندانی کوشتنی کوردەکان تاوانبار کرد. ئەو لەو کاتەدا لە ناوچە کوردنشینەکاندا چالاکی هەبووە. لەو پەروەندەدا گووتراوە کە ناوبراو فەرمانی کوشتنی ئەو کوردانەی کە لەو ساڵانەدا بێ سەروشوێن کراون، داوە.

شارداری پێشووی شاری جزیرە لە ئوستانی شرناخیش لەو پەروەندەدا تاوانبار کراوە. لەم ئاخریانەدا پاشماوەی تەرمی ئەو مرۆڤانەی لەو ناوچانەدا کە وێ دەچێ گۆڕی بە کۆمەڵی کوردەکان بێ، دۆزراوەتەوە.

بە سەدان کەس لە کوردەکانی تورکیە لە تێکگیران لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئەو وەڵاتە لەو ساڵانەدا بێ سەروشوێن کراوون. خانەوادەی ئەو بێ سەروشوێنانە دەڵەن، ئەوان لەلایەن تاقمە چەکدارەکانی سەربە دەوڵەتەوە کوژراون کە لە بەرانبەر شۆرشگێڕە کوردەکان هاوکاری دەوڵەت دەکەن.

پارێزەرانی مافی مرۆڤ دەڵەن زۆربەی بێ سەروشوێنەکان ئاخر جار لەگەڵ هێزە ئەمنیەتیەکانی دەوڵەتی تورکیەدا بینراون.

***

## نووسەر و لێکۆڵەری کورد ١٥ مانگ زیندانی بە سەردا سەپا

هەواڵدەری چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان، سەرلە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٨، لەگەڵ سەردانی عەبباس جەلیلیان بۆ دادگای ڕژیم لە شاری کرماشان، بڕیاری دادگا ١٥ مانگ زیندان بوو کە پێی ڕاگەیێندرا.

ئەو بڕیارە لەلایەن لقی سێی دادگای ڕژیم لە کرماشان و بە تۆمەتی ناساندن و ڕاکێشانی جاسوس و ناساندنی بە وەڵاتانی بێگانە، بە پشت بەستن بە مادەی ٥١٠ی قانوونی سزاکانی ڕژیم، بۆ ناوبراو دەرچووە.

شایانی باسە عەبباسی جەلیلیان ناسراو بە (ئاکۆ) لە کەسە ناسراوەکانی باری ئەدەبی کوردیە و نووسەری چەند کتێبی وەك (فرهنگ باشور، رمان رنگانە، مجموعەی زرینە و سیمینە) یە، کە ڕۆژی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٨٧ لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئیسلام ئابادی ئوستانی کرماشان لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە گیرا.

ناوبراو زیاتر لە دوومانگی لە زیندانی ئیتلاعاتی ئەو شارە و بەندی قورەنتێنەی دیزڵ ئابادی کرماشان بە سەربرد کە لە دوای ئەوە بە دانی زەمانەتی ١٠٠ ملوێن تەمەنی ئازاد کرا و لە ماوەیێکی کەم لە دوا ئازاد بوونی لە ١٧ی خاکەلێوەدا بە بێ ئەوە کات و هەلی گرتنی پارێزەری پێ بدرێ لە لقی سێهەمی دادگای ڕژیم لە کرماشان دادگایی کرا.

***

## دوورخستنەوەی مامۆستاییێکی سنەیی بۆ شاری سمنان

بە پێی هەواڵ، جەماڵی خوال لە مامۆستایانی مەدەرسەی سەرەتایی شاری سنە، لەلایەن هەیئەتێکی چاودێری سەرپێچی ئیداری لە ئوستانی کوردستان حوکمی سێ ساڵ دوورخستنەوەی بۆ شاری سمنانی بە سەردا سەپا.

ناوبراو بە پێی سکاڵای سەرۆکی بارهێنان و پەروەردەی بەخشێکی شاری سنە، بە تۆمەتی بەشداری لە کۆبوونەوە و مانگرتنی مامۆستایان لە مانگی بانەمەڕی ١٣٨٧ و قسەکردن لە کۆبوونەوەی مامۆستایانی ناڕازی لە شوێنی ڕێکخراوی بارهێنان و پەروەردەی کوردستان، دادگایی کرا و سزای ٣ ساڵ دوورخستنەوەی بە سەردا سەپا.

***

## ڕژیم لە شاری بانە بەردەوامە لە کۆکردنەوەی دەست فرۆشانی ناوبازار

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە شاری بانە بەردەوامن لە کۆکردنەوەی دەست فرۆشانی ناو بازار و هەر بەو هۆیەوە دەستفرۆشانی ئەو شارە لە ناڕەزایەتی بەو کردەوە سەرکوتگەریەکانی هێزەکانی ڕژیم لە بەردەم فەرمانداری بانەدا کۆبوونەوە.

شایانی باسە ئەو هێزانەی ڕژیم دەستیان بە سەر زیاتر لە ١٠ ملوێن کەل و پەلی دەست فرۆشاندا گرتووە و لە ئەنبارێکی شاداری بانەدا دایان ناون.

***